# له توندوتیژییەوە بۆ لێبوردن و میهرەبانی

ئا:زیاد رەشاد قادر

توندوتیژی وەك دیاردەیەكی جیهانی بە گشت فۆرمەكانیەوە و لەسەر هەموو ئاستەكانیەوە، یەكێكە لەو كلتورە ناشیرین و دیاردە مەترسیدارانەی كە هەرەشەیەكی گەورە لە ئاشتەوایی و پێكەوەژیان و پێشكەوتن و مۆدێلی لێكبوردن دەكات، ئەگەر پشێوی و تەنگژەی سیاسی و پاشاگەردانی لە حوكمڕانیدا رووی لە هەر وڵاتێك كرد، ئەوا كێرڤی توندوتیژیی سیاسی بەرەو هەڵكشانی زیاتر دەچێت، هەروەها ئەو فۆرمەی توندوتیژیی كە زۆر جار لە قوتابخانە و ناو بازنەی خێزان و چوار دیواری ماڵ و یەكە كۆمەڵایەتییەكانی دیكەدا روو دەدات، قوربانیی زۆرتر و گەورەتری لە توندوتیژیی سیاسی لێ دەكەوێتەوە، بۆ نموونە لە كوردستان رۆژانە لە رووپەڕەی رۆژنامەكاندا دەخوێنینەوە، كە فلانە ژن خۆی سوتاند، فیسار پیاو خێزانەكەی خۆی كوشت، برایەك خوشكەكەی خنكاند، ئەو مامۆستایە وای بە قوتابییەكەی كرد و ... هتد، پرسیار ئەوەیە:

مۆتیڤ و هۆكارەكانی ئەم دڵڕەقی و قەساوەتە چییە و كێ لێی بەرپرسیارە؟ توندوتیژی بە شێوەیەكی گشتی لە چ ژینگە و سەر زەمینێكدا زیاتر سەوز دەبێ و گەشە دەكات!

ئەی ماك و ئاسەوارە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكانی توندوتیژی چین؟ چی بكرێ باشە بۆ بەرەنگاربوونەوەی كلتوری توندوتیژی لە كۆمەڵی كوردەواریدا؟

هەروەها كامانەن ئەو رێ و شوێنە عەمەلی و پەسەندانەی بە پێویست دەبینرێ بۆ بڵاوبوونەوەی كلتوری لێكبوردن و چاندنی تۆوی میهرەبانی و مرونەت لە وڵاتی ئێمەدا؟ ئایا لە هیچ زەمانێكدا توندوتیژیی ئیجابی و مەشروع هەبووە و هەیە؟ ئەی مرۆڤ بە تەبیعەت بوونەوەرێكی توندوتیژخوازە یا بە پێچەوانەوە؟

بۆ قسەكردن لەم بابەتە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، رۆژنامەی یەكگرتوو ژمارەیەك نووسەر و رۆشنبیر و رۆژنامەنووس دەدوێنێت ...

لە ئەڵقەی ئەم جارەدا دەقی وەڵامی (محەمەد سەید نوری بازیانی)

(سەرۆكی سەنتەری هودا بۆ لێكۆڵینەوەی سیاسی و توێژینەوەی ستراتیژی) دەخوێنیتەوە :

محەمەد بازیانی (سەرۆكی سەنتەری هودا):

دەسپێك: توندوتیژی دیاردەیەكی جیهانییە، باڵی بەسەر هەموو جیهاندا كێشاوە، تەنانەت ئەو وڵاتانەی كە نازناوی پێشكەوتن و تەمەدونیشیان لەخۆ ناوە. هەڵبەتە ئەم توندوتیژییە مێژوویەكیشی هەیە، واتە زادەی بۆشایی نییە، بەڵكو بنەڕەت و ئەساسی هەیە.. تەنانەت لە هەندێ قۆناغی مێژوودا قەواعید و بنەمای تایبەتی خۆی هەبووە، وەك ئەوەی لە رۆما و ئەسپارتە بەڕێوە دەچوو، لە رۆژێكدا دەیان گەنج لە ناوی چالانج (مصارعە) لە گۆڕەپانی مردندا لە خوێنیاندا ئەتلانەوە، خەڵكانێكیش وەك سەیركەر قاقای پێكەنینیان لێوە دەهات لە كاتی كوژرانی ئەم پاڵەوانانەدا بە دەستی یەكتر.

لە سەردەمی ئەمڕۆشماندا توندوتیژی لە چڵەپۆپەدایە، چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری كۆمەڵایەتی چ لە بواری ئابووری، ئەمەش بە بەرچاوی هەموو میدیاكانی جیهانەوە دەبینرێ و دەبیسرێ، سەرەڕای موعایەشەی خەڵكی لەگەڵ ئەم توندوتیژییانەدا.

مۆتیڤ و هۆكارەكانی ئەم دڵڕەقی و قەساوەتە لە هەموو جیهاندا بە گشتی و لە كوردستان بەتایبەتی،

به دیدی ئێمه دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك، ئەمەی خوارەوە هەندێك لەو هۆكارانەیە:

هۆكاری یەكەم: ئەو سیستەمە جیهانییە نوێیەیە، كە ئەمڕۆ ئەمریكا پێشەوایەتیی دەكات.. وەك هەمووانیش دەزانن، ئەمریكا هەر لە ساتەوەختی دۆزینەوەی لەسەر كەللە سەر و ئێسك و پروسكی هیندییە ڕەش پێستەكانی دانیشتووی بنەڕەتی ئەمریكا بنیات نرا.. بۆ زانینی ئەم ڕاستییە دەتوانن پەرتووكی (قچیە الهنود الحمر و دستور الإبادە)ی دكتۆر (صالح زهرالدین)، بخوێننەوە تاكو لەسەر زاری ئەو ئۆروپییانەوە خۆیان ئەو قەسابخانانە ببیستن، یان ئەو پەرتوكانە بخوێننەوە كە دادگای پشكنین (محاكم التفتیش) بەسەر مەسیحییە نەیارەكانی هاورد لە ئەسپانیا، ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن كە ئەمریكا و ڕۆژئاوا خاوەنی كەلتوری خوێن و توندوتیژین، تەنانەت پەیمانی ویستڤالیای ساڵی (1648ز) دەرەنجامی ئەو هەموو خوێنە بوو كە لە نێوان پرۆتستانت و كاسۆلیكەكان بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ بەرپا بوو، تەنانەت ئەو دوو جەنگە جیهانییەی كە قوربانییەكانی بە ملیۆنەها كەس ئەژمێردرێن، ئەوروپاییەكان هەر خۆیان دایانگیرساند، جیهانی ئیسلامیشیان پێوە گلاند، وەك نەخشەیەك بۆ داگیركردن، تەنانەت جەنگی ساردی نێوان ئەمریكا و یەكێتیی سۆڤێەتی پێشووش، كە باجەكەی دانیشتووانی سەر زەوی دایەوە، ئەمریكا و ئەوروپاییەكان خۆشكەری بوون، كە بووە هۆی قوربەسەری و دەربەدەری وماڵوێرانیی دەیەها وڵات، بۆ نموونە: ئەو چەكانەی كە پاش شەڕی جیهانیی یەكەم لە ساڵانی پاش (1945) تاكو (1989)، لەلایەن ئەمریكا و یەكێتیی سۆڤیەت پەرەی پێ درا، هۆكار بوو بۆ كوشتنی نزیكەی (15) ملیون مرۆڤ لە زیاتر لە (110) شەڕی ناوخۆییدا، كە گۆڕەپانەكەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بوو، بە ناوبانگترینی ئەم جەنگانە جەنگی كۆریا و جەنگی ڤێتنام بوو، بۆ زیاتر زانین دەتوانن تەماشای دكتۆرانامەكەمان بكەن لە ژێر ناونیشانی (مفهوم السلم في الفكر الإسلامی، دراسه تحليليه مقارنه بین الشریعه والقانون)، لاپەڕە 56-57 ، هەروەها تەماشای: (العالم المعاصر والصراعات الدولیه ـ ل36 ـ سلسله: عالم المعرفه 133 جمادی الاولی 1409هـ ینایر 1989م) بكەن، كە ئاگرخۆشكەری هەموو ئەم شەڕە ناوخۆییانە ئەمریكا بووە، پاشان یەكێتیی سۆڤیەت.. ئەوەی ئەم دواییەی كە لە لوبنان ڕووی دا، ئەوا پێویست بە زۆر قسەكردن لەسەری ناكات، چونكە تەنها دەوڵەت كە داكۆكیی لەسەر ئەوە دەكرد كە ئاگربەست نەبێت لە نێوان (حزب الله) و ڕژێمی زایۆنیدا، ئەمریكا بوو..؟! ئەو هەموو توندوتیژییەی كە جولەكەكان دەرهەق هاووڵاتییە مەدەنییەكانی لوبنانیان دەیانكرد، ئەمریكا دەستخۆشیی لێ دەكردن.. تەنانەت قەسابخانەی دووەمی قانا كە دەرهەق بەو هەموو منداڵە كرا بە بەرچاوی هێزە نێودەوڵەتییەكانەوە (یونیفێل)، ویژدانی ئەمریكاییەكانی نەجوڵاند.

هۆكاری دووەم: مرۆڤایەتی، ئەمڕۆ لە قەیرانی ڕۆحیدا دەژی، بە هۆی جیهانگیرییەوە، ئەمەش وای كردووە، ئینسانەكان تەنها بیر لە ژیانی ماددی بكەنەوە، دوور لە بەها و قیەمەكان، ئەم دیاردەیە خەریكە كوردستانیش بگرێتەوە، كە ئەمەش وا لە خەڵكی سەرزەوی دەكات بۆ گەیشتن بە ئارەزووەكانیان هەر ڕێگایەك بگرنە بەر، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێگایەش توندوتیژی بێت.

هۆكاری سێیەم: بیرۆكەی ململانێی شارستانییەكان كە بیرمەندە ئەمریكاییەكان بانگەشەی بۆ دەكەن. بەداخەوە ئەم بیر و هزرە ئەمریكاییە وایكردووە شارستانییەكان لە دڵەڕاوكێدا بژین، ئەمەش هەڕەشە لە ئاشتی و بەیەكەوەژیان لە جیهاندا دەكات. لە كاتێكدا بیرمەندە ئیسلامییەكانی جیهانی ئیسلامی بانگەشەی گفتوگۆی شارستانییەكان دەكەن.

هۆكاری چوارەم: نەبوونی فەزای ئازادی بۆ هاووڵاتیان و قۆرخكردنی لەلایەن دەسەڵاتەوە، كە ئەمەش هۆكارێكە بۆ كاردانەوەی توندوتیژیی هەندێك لە چین و توێژەكانی میللەت، هەروەها قڕیی میللەت و پڕیی دەسەڵات.

هۆكاری پێنجەم: نەبوونی "بیرۆكەی ڕۆشنبیریی بەیەكەوەژیان لەناو میللەتاندا"، تەنانەت جاڕی گەردوونیی جیهان و پرنسیپەكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتیش بە بەرچاوی هەمووانە پێشێل دەكرێ، بۆتە مایەی ئەوەی نەك ئەم ڕۆشنبیرییە پێش نەكەوێ، بەڵكو ڕۆشنبیرییەكی لەو جۆرە بە گومانەوە تەماشا بكرێ، لەولاشەوە بیرۆكەی "ساغكردنەوەی ململانێیەكان بە شەڕ" پەرەی پێ دەدرێ و بانگەشەی بۆ دەكرێ.

هۆكاری شەشەم: میدیاكانی جیهان، كە ئەمانیش كاریگەرییەكی سایكۆلۆجیی توندوتیژی دەڕوێنن و پەرە پێ دەدەن، بە تایبەتی ئەو فیلمانەی كە لە هۆڵیود بەرهەم دەهێنرێن، كە پەرە بە بیرۆكەی

توندوتیژی دەدەن و لە تەلەفزیۆنە خۆماڵی و فەزاییەکاندا پەخش دەکرێن.

هۆکاری حەوتەم: نەبوونی پەروەردەیەکی خێزانی دژ بە توندوتیژی، تەنانەت زۆربەی زۆری خێزانەکان هۆکارن بۆ ئەم توندوتیژییە، کە ناتوانین لێرەدا تیشک بخەینە سەر ئەو هۆکارانە، چونکە مەودای وەڵامەکانمان لە چەند لاپەڕەیەکدا دیاری کراوە، بەڵام زەقترینی ئەو هۆکارانە بەکارهاوردنی توندوتیژییە لەلایەن باوکەوە دژ بە ئەندامەکانی خێزان.

ئەتوانین بە راشکاوانە بڵێین ئەمانەی کە باسمان کرد هەندێك لەو هۆکارانەن کە سەرزەمینێك بۆ توندوتیژی دروست دەکەن و دروستیان کردووە.

⋆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کلتوری توندوتیژی لە کۆمەڵی کوردەواریدا، وا بە باش دەزانین کە:

1. بواری گفتوگۆ و دیالۆگی بێ سانسۆر لە میدیاکانی کوردستان لەبەردەم رۆشنبیراندا بکرێتەوە، تۆوی میانڕەوی بنێژرێ.

2. پێداویستییەکانی میللەت لەلایەن دەسەڵاتەوە جێبەجێ بکرێ، دەسەڵات وەك باوك رەفتار لەگەڵ ئەندامەکانی کۆمەڵدا بکات بێ جیاوازی، نەك وەك نەیار و دوژمن.

3. رۆڵی پەروەردەیی لە مزگەوتەکاندا بواری پێ بدرێ، مزگەوتەکان وەك جاران دەرگاکانیان واڵا بێت بۆ لاو و گەنجان، تا فێری رەوشتی جوان بێت.

4. تۆوی لێبوردەیی لەناو کۆمەڵگەدا بنێژرێ، لە رێگەی پەیمانگا ئەکادیمییەکان و زانکۆکانی کوردستانەوە، ئەگەر ئەوە نەکرێ، بە دیدی ئێمە وەك پێشبینییەکی ستراتیجی، وا تێ دەگەم کوردستان لە دووریانێکی زۆر دژواردا دەبێت، لاوان دەبنە لافاو، هەموو شتێك رادەماڵن، چونکە هیچ دام و دەزگایەکی پەروەردەیی نییە لە کوردستاندا لاوان پەروەردە بکات. مزگەوتەکان ئەو رۆڵەیان دەبینی، بەڵام بەداخەوە.. ئەو رۆڵەیان وشك کرد، بە بێ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە.

5. لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵات و نوخبە، پرۆژەیەکی گشتگیری ستراتیژی بۆ لاوان دابنێن، قۆناغبەند بێ، هەنگاوەکانی دیار بێت، بۆ ئەوەی لاوان بە ئاقاری توندوتیژیدا نەڕۆن.

6. سەنتەری توێژینەوەی تایبەت بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دابنرێ، لەو سەنتەرانەدا خولی بەردەوام بکرێتەوە، بە مەبەستی رواندنی هزری پێکەوەژیان و لێبوردەیی.

7. لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان، پرۆژەی پەروەردەییان لە ناو خۆیاندا زیاتر تۆکمە بکەن، هاوسەنگییەك لەو پەروەردەیەدا ببێ، لایەنی ئەخلاقی نەکەنە قوربانی لایەنی سیاسی، هەروەها بۆ بازنەی دەرەوەی خۆیان نەخشەیان هەبێ، چۆن لە بیرۆکەی توندوتیژی رزگاریان دەکەن